**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بەیان: (١)**

**مێژوی بەیان:٢٠٢٢/٢/١٠**

**بەیان**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقـایعی کوردسـتان) و، لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە هاوپێچی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، بەپێویست زانرا هاوپێچی یاساکە کە (خشتەی ڕەسمەکان)ە بڵاو بکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

**خشتەی ڕەسمەکان**

وەزارەت ئەو ڕەسمانەی خوارەوە وەردەگرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم**: (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار بەرامبەر پێدانی مۆڵەت بۆ جاری یەکەم.

**دووەم**: (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت.

**سێیەم**: (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر داواکردنی مۆڵەت یان داواکردنی نوێکردنەوە.

**چوارەم**: (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر دەرکردنی هەر ناسنامەیەکی هەڵگرتنی چەک یان ناسنامەی کارمەندی کۆمپانیا بۆ ماوەی یەک ساڵ.

**پێنجەم**: (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر دەرکردنی هەر باجێکی ئوتومبێلەکانی کۆمپانیا بۆ ماوەی یەک ساڵ.

**منی نبی قهوچی**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**